# ڕۆمانی کوردیی و مودێڕنیته

## دیدارێک لەگەڵ ڕۆماننووس 'عەتا نەهایی'دا

سازدانی: ڕزگار لوتفی



عەتا نەهایی

هەڤپەیڤین

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢٠

jineftin.krd

**زۆر نین ئەو دیدارانەی لەچەند ساڵی ڕابوردوودا لەگەڵ قەڵەمە جیددییەکانی بواری داستانیی ئەدەبی کوردیدا ساز درابێتن و بە پشتبەستن بە تیۆرییەکان نا، بەڵکوو بە ئاوڕدانەوە لە ئەزموونە شەخسییەکانی ئەو نووسەرانە سەبارەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژانری چیرۆك و ڕۆمان هاتبێتنە بەرباس و پەیامی ئەزموونکراویان دەستەبەر کردبێت؛ یان ئەگەر کرابێشتن زۆرتر لەسەر لێکدانەوەی بەرهەمەکانیان بووە و کەمتر پەڕژاونەتە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە.**
**من لەم دیمانەیەدا ویستوومە هەمدیسان ئەو هێڵە زەمەنییە دێرینەیە بنەخشێنمەوە کە ئەدەبی داستانیی ئێمەی پێیدا تێپەڕیوە و هەنووکە گەیشتووەتە ئەم قۆناغە. پاشان لەسەر مودێڕنیتە و دەرهاویشتەی ئەدەبیی مودێڕنیتە (ڕۆمان) لەنگەرم گرتووە و چەندین پرسیارم ئاڕاستەی ڕۆماننووس عەتا نەهایی کردووە.**

**ڕزگار لوتفی:** سەرەتا با لە چیرۆکەوە دەست پێ بکەین؛ هەموومان دەزانین کە وتار، دیرۆك، بیرەوەری، ژیاننامە و سەفەرنامە بە کەڵکوەرگرتن لە نواندنەوە و گێڕانەوەی ڕووداو، فەزاسازی و داڕشتنەوەی کەسیەتییە واقیعییەکان هەستی خوێنەر دەبزوێنن و بەو ڕێگایەدا مانایەك ڕادەگوێزن یاخود بەرەوڕووی پرسیارێکی دەکەنەوە، بەڵام چیرۆك بەجۆرێکی تر ئەمکارە دەکات و بە کەرەستە و پێداویستییە واقیعییەکان ناخولقێ و پەیڕەوی زمانی ئیرجاعیی زانست نییە، بەڵکوو سەرلەبەری چیرۆك دەرەنجامی خەیاڵی نووسەرە. خەیاڵە کە واقیعییەتی واقیعی بە واقیعییەتی داستانی دەکا و لە بەرهەمهێنانی چیرۆکدا دەوری باڵا دەگێڕێت. ئەم خەیاڵە تا ئەو پلەیە لە چیرۆکدا دەوری هەیە کە نیچە سەرلەبەری چیرۆك بە درۆ دەزانێت و هەر ئەم درۆیەشە کە هەستی خوێنەر دەبزوێنێ و دەبێتە هۆی چێژوەرگرتنی خوێنەر. ئەو چێژەی کە جیددیترین خوێنەرەکانیش بە دوایدا دەگەڕێن و لە دووی عەودالن.
بەم گوێرەیە ئەم پرسیارە لامان گەڵاڵە دەبێت کە ئەسڵەن بۆ خەیاڵکردن؟ لە ڕاستیدا ئێمە بە خەیاڵکردن لەم دنیا تاسەر ئێسقان واقیعییەدا دەمانهەوێ چی بڵێین؟ یان دەمانهەوێ چی بکەین؟
**عەتا نەهایی:** سەرەتا دەبێ بڵێم کە من پێموایە مەبەست لە نووسینی چیرۆک، وەک هەموو جۆرە داهێنانێکی دیکەی ئەدەبی و هونەری، تۆمارکردن و نواندنەوەی واقیع نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە داهێنانی واقیعێکی دیکەیە، واقیعێکی مەجازی کە وەک تۆ دەڵێیت نیچە پێی دەڵێ درۆ. من بۆ خۆشم ساڵانێک بەر لە ئێستا لە یەک دوو وتاردا بە درۆی سپی ناوم بردووە. هەرچەندە ئێستا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم و لەو ناوبردنەش پەشیمانم. بۆچی؟ چونکا بەم عەقڵییەتە دووالیستییەی ئێمە درۆ لەبەرامبەر واقیع یان دژی واقیع نییە بەڵکوو لەبەرامبەر ڕاستی یان حەقیقەتە. بە بۆچوونی من چیرۆک وەک هەموو جۆرە داهێنانێکی ئەدەبی و هونەری تر دژی ڕاستی یان حەقیقەت نییە؛ بەڵکوو دەروویەکە یان مەجالێکە بۆ کەشف و دۆزینەوەی حەقیقەت. واقیع لەهەر سەردەمێکدا و لە چوارچێوەی هەر کولتوور و دنیابینییەکدا مانایەکی جیاوازی هەیە. دایکم دەیگوت بە چاوی خۆی جنۆکە، یان خێو یان شەخسی- بینیوە. من دڵنیام دایکم درۆی نەکردووە و گومانم لەوە نییە کە ڕاستی کردووە و بینیویەتی. جنۆکە یان شەخس و خێو و... بەشێک لە واقیعی سەردەمی بەر لە مۆدێڕن و دنیابینی خەڵکی ئەو سەردەمە و بەشێک لە خەڵکی ئێستاشە کە هێشتا لەو کەشە فکری و فەرهەنگییە کۆن و

نەریتییەدا دەژین. بەڵام لەم سەردەمەدا کە سەردەمی مۆدێرنیتەیە و دنیا و بوون مانایەکی دیکەی وەرگرتووە، واقیع بەرهەست بووەتەوە. لەم سەردەمەدا ئیتر جنۆکە و خێو و هەموو ئەو بوونەوەرە نابەرهەستانە ناواقیعی و خەیاڵین.

لێرەوە ئەگەر بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەت، دەبێ بڵێم خەیاڵ ئەو وزە و توانا سەیر و سەمەرەیە کە مرۆڤ لە کۆنی کۆنەوە تا ئێستا وەک ئامێرێک (ئەڵبەت ئەگەر ئەم وشە شیاو بێت) بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ واقیعی بەرهەست سوودی لێوەرگرتووە. ئێوە دەزانن کە واقیع هەرگیز ئەو شتە نییە کە مرۆڤ بە ئاواتی خواستبێت، ئەو شتە کە لە ژێر سایە و پەنایدا حەوابێتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی دابێتەوە. بۆیە لە کۆنەوە هەوڵی داوە بە سوودوەرگرتن لە وزەی خەیاڵ ڕوویەکی نابەرهەست و میتافیزیکیشی بداتێ. هەموو ئوستوورە و ئەفسانە کۆن و ئایینی و نائایینییەکان لەپێناوی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو واقیعە بەرهەستە و کەشفی حەقیقەتێک لە دەرەوەی ئەو واقیعەدا هاتوون. ئێستا و لەم سەردەمە تازەدا کە بۆ یەکەم جار هەموو سێحر و ئەفسوونەکان لە دنیا سڕدراونەتەوە و وەک خۆت دەڵێی دنیا تا سەر ئێسقان واقیعی، واتە بەرهەست بووەتەوە، دیسان واقیع ئەو شتە نییە کە ئێمە بەئاواتی بخوازین. ئەم دنیا واقیعییە، یان بە واقیعی بووە، دیسان ئەو شوێنە نییە کە مرۆڤ تیایدا هەست بە حەوانەوە و ئاسوودەیی بکات. **ڕاستە زانست توانیویەتی بەشێکی زۆر لە نهێنییەکانمان بۆ ئاشکرا بکات، توانیویەتی پەردە لە بەشێکی زۆری نەدیوییەکانی هەڵبداتەوە و مەجالی ناسینیمان پێ ببەخشێت، ڕاستە توانیویەتی هەندێک لە لایەنەکانی ئەم واقیعە بگۆڕێت؛ بەڵام هێشتا گۆڕانی واقیع، گۆڕانی ئەم دنیا تاسەر ئێسقان واقیعییە، لە ئاستی خەون و خۆزگەی مرۆڤدا نییە. هێشتا ئەم دنیایە، ژیان لەنێو ئەم دنیایە، شتێکی زۆر گرینگی کەمە کە زانست پێی نابەخشێت. شتێک کە تەنیا خەیاڵ پێی دەبەخشێت. تەنیا خەیاڵی مرۆڤ داهێنەرە کە دەتوانێ پەیکەرەی ئەم واقیعە بەرهەستە برووخێنێت، ورد و خاشی بکات و بە جۆرێکیتر و فۆڕمێکیتر و شێوازێکیتری ئەڵبەت مەجازی و نابەرهەست، سەرلەنوێ بنیادی بنێتەوە.** چیرۆکنووس ئەم کارە گرینگەی ڕووخاندنی واقیع و سەرلەنوێ بنیادنانەوەی، بە گێڕانەوەیەکی جیاواز لە گێڕانەوەی واقیعیانەی ژیانی مرۆڤ و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە دەکات.

**ڕزگار لوتفی:** ئەگەر توخمی خەیاڵ، ماکی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەقی داستانییە، بۆچی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر هەمان فۆرمگەلی داستانیی ڕابوردووی خۆی وەکوو: ئەفسانە و ئۆستوورە، حیماسە، بەیت، حەقایەت و ڕۆمانسەکان نەمایەوە و لە پرۆسەیەکی زەمانی دوورودرێژدا ئەو فۆرمانە گۆڕانیان بەسەردا هات و چیرۆکی مۆدێرن و ڕۆمانیان لێکەوتەوە؟ ئایا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە شێوە ڕوانینی مرۆڤ یان ئێوە بە جۆرێکی تر لێکی دەدەنەوە؟

**عەتا نەهایی:** هەر سەردەمێك گێڕانەوەی داستانی تایبەت بە خۆی هەیە. گێڕانەوەیەک کە هەم لە لایەنی فۆرمی و هەم لە لایەنی بابەتییەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەعریفە و فکری سەردەمەکە و جیهانبینی و جوانیناسی و حەز و خواستی خەڵکی سەردەمەکەوە هەیە. ئوستوورە و ئەفسانەکان و دواتریش، حەقایەت و بەیتەکان گێڕانەوەی داستانی قۆناغە جیاجیاکانی سەردەمی بەر لە مۆدێرنیتەن. سەردەمێک کە مەعریفەی مرۆڤ و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سروشت و واقیع جیاواز بووە لە ئێستا؛ فکر و ڕامانی مرۆڤ بۆ بوون (هستی) و بۆ ژیان (بە هەموو

ڕەهەنـدەکـانییەوە)، وەک ئێسـتا و ئەم سـەردەمە نەبووە؛ بە هۆکـاری ڕووداوە سرووشـتییەکانی نەزانیوە و بۆ فـامکردنی ئەو ڕووداوانە دەسـتەوداوێنی هێزێکی بـان سرووشـتی و متافیزیکی بووە. سـەردەمێک کە مرۆڤ خۆی لەنێو دنیایەکی سـیحراوی و ئەفسووناویدا بینیوەتەوە؛ دنیایەک کە بە شەڕگەی دوو هێزی سەرەکی خێر و شەڕ، یان چاک و خراپی زانیوە؛ هەر ئەو دیدە دوالیسـتییەش بووە بە بنەمای قەزاوەت کردنی بۆ هەموو دیاردە و کەس و ڕووداوەکان. مرۆڤی ئەو سـەردەمە خۆی لەوە بە لاوازتر زانیوە کە بتوانێ هیچ شـتێک لە دنیای خۆی و دەوروبەری بگۆڕێت، بۆیە بەردەوام خەونی بە هێزێک، کەسـێک یان کەسـانێکەوە بینیوە کە لە خۆی بەتواناتر بن و هەوڵ بۆ گۆڕینی واقیعی ژیانی بدەن. ئوسـتوورە و ئەفسـانەکان ڕەوایەتی مرۆڤی ئەو سـەردەمانەن لەو دنیا پڕ لە سـێحر و ئەفسـوونەدا؛ حەقایەت و ڕۆمانس و بەیتەکان تەعبیر لە خواسـت و خولیای مرۆڤی ئەو سـەردەمە دەکەن بۆ گەڕان لە شـوێن پاڵەوانگەلێکی بەهێزتر لە خۆیان کە توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خراپە و شـەڕی ئەو دنیایەیان ببێت کە خۆیان دەرەقەتی نەهاتوون. بەڵام **لەم سـەردەمەدا کە سـەردەمی مۆدێرنیتەیە، بە تایبەت لە دوای قۆناغی ڕۆشنگەرییەوە، مەعریفە و دنیابینی مرۆڤ تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی بووە؛ گۆڕانێکی بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیان. لەم سـەردەمەدا و بە هۆی پێشـکەوتن لە بوارە جیاجیاکانی زانسـت، تـا ڕادەیەکی زۆر سـیحر و ئەفسوونەکان لە دنیا سڕدراونەتەوە؛ پێناسـەی واقیع تووشی گۆڕان بووە؛ چاوەکان لە ئاسمانەوە بۆ زەوی شۆڕبوونەتەوە و هیوای جاران بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پـاڵەوانە بەهێز و ئەفسـانەییەکـان بۆ ڕزگـارکردنی مرۆڤ لە چنگی دێوەزمە شـەڕانخێوەکان و کۆتایی هێنان بە سـتەمکاری و بنیادنانی دادپەروەی وەک هیوا و خواسـتێکی گەمژانەی لێهاتووە.** کەواتە لە سـەردەمێکی ئاوادا کە هەموو شـتێک، هەر لە مەعریفە و دنیابینی و ئەخلاق و شـێوازی ژیانی خەڵک و پەیوەندییەکانیان گۆڕاوە، بێگومـان دەبێ جوانینـاسی و هونەر و ئەدەبیـاتیش بگۆڕێت. **ئەدەبیات، بەتـایبەت ئەدەبیاتی داسـتانیی ئەم سـەردەمە دەبێ تەعبیر لە واقیعی ئەم سـەردەمە، لە مرۆڤی ئەم سـەردەمە، لە خەم و داڵغە و پرس و کێشـەکانی مرۆڤی ئەم سـەردەمە، کە بێگومان لەگەڵ خەم و داڵغە و پرس و کێشەکانی مرۆڤی سەردەمانی پێشوو جیاوازە، بکات.** من لە چەند شـوێنیتریش گوتوومە کە ڕۆمانی دۆن کیشـۆت کە یەکەم ڕۆمانی ڕۆژاوایە زۆر بە جوانی ڕەوایەتی ئەو جیاوازییە دەکات. دۆن کیشۆت کە تا سەر ئێسقان لەنێو فەرهەنگ و بەها ئەخلاقییەکانی سـەردەمی بەر لە مۆدێرنیدا ژیاوە و زێهنی بە ئەفسـانە و حەقایەتە کۆنەکان گۆش کراوە، کاتێک بڕیار دەدات دەسـت بە خەباتێکی ئینسـانی لەپێناوی لەنێو بردنی سـتەمکاری و دابینکردنی دادپەروەری بکات، لە ژێر کاریگەری ئەفسـانە و حەقایەتە کۆنەکان خۆی وەک شـوالییە و سـوارچاکێکی پاڵەوان دەبینێتەوە کە سـوار ئەسـپێک دەبێت و لەگەڵ سـانچۆی خزمەتکاری لە ماڵ دەچێتە دەر و بەناوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دێو و درینج و هێزەکانی سـەرچاوەی شـەڕ و سـتەمکاری، بە شـمشـێرە شکاوەکەیەوە، شـەڕ لەگەڵ ئاشـە بابیەکان دەکات. بەڵام خەڵک نەوەک بە سـوارچاک و پاڵەوانی نازانن بەڵکوو بە شـێتیشی_ ناودێر دەکەن. شـێتێک کە بە هۆی خوێندنەوەی زۆری ئەفسـانە و حەقایەتە کۆنەکانەوە توانای ناسـینی واقیعی سـەردەمەکەی نییە و لە دنیای واقیعی دابڕاوە. **چیرۆکی دۆن کیشـۆت چیرۆکی کۆتایی هاتنی سەردەمی ئەفسانە و حەقایەتە؛ چیرۆکی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی گێڕانەوەی داسـتانیی، واتە ڕۆمانە؛ چیرۆکی مەرگی پاڵەوان و سـەرهەڵدانی**

**کارەکتەر وەک تاکێکی سەرگەشتە و حەپەساو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعی سەردەمێکی تازەیە.** ئێمە لە گێڕانەوە داستانییە کۆن و نەریتییەکانماندا کارەکتەرمان نییە. مرۆڤی گشتی ئەفلاتوونیمان هەیە کە بەشێکە لە چاکە یان خراپەی ڕەها، خاوەنی فکر و دالغە و پرس و کێشەی تاکەکەسی خۆی نییە، نوێنەرایەتی کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی فکرێک، ئایینێک، خێڵێک یان گرووپێکی گشتی دەکات. بەڵام چیرۆک و ڕۆمان ڕەوایەتی ژیان تاکەکانی ئەم سەردەمەیە؛ ڕەوایەتی پرس و کێشە جیاوازەکانیان، ترس و دالغە و خەون و خۆزگە تاکەکەسییەکانیان لەنێو کۆمەڵگە و لە سەردەمێکدا کە لە کۆمەڵگە و سەردەمانی پێشوو جیاوازە.

**ڕزگار لوتفی:** هەروەك لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو ئاماژەتان پێدا، خاڵی وەرچەرخانی ئەو فۆرمە داستانییە دێرینانە بۆ چیرۆکی مودێرن و ڕۆمان، گۆڕانکاری لە دنیابینی مرۆڤەکاندا بوو، بەجۆرێك کە ئەو گۆڕانکارییە بووە هۆی ئەوەی تاك پێگەی نوێی خۆی بدۆزێتەوە و بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە دیاردە و ڕووداوەکانی دەورووبەری خۆی لە ئەستۆ بگرێت؛ بە بڕوای ئێوە ئایا ئەم گۆڕانکارییە لە تاکی کوردیشدا ڕووی داکە ئێمەش دەستمان دایە بەرهەمهێنانی چیرۆکی مودێرن و ڕۆمان، یان ئێوە ئەم ڕەوتە وا نابینن و خوێندنەوەیەکی جیاوازتان بۆی هەیە؟

**عەتا نەهایی:** ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵگەی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە پەراوێزی پەراوێزی ڕۆژاوادا بووە، کە ئاخێزگەی شارستانییەتی نوێ و شوێنی سەرهەڵدانی چیرۆک و ڕۆمان وەک دوو ژانری سەرەکی گێڕانەوەی داستانی ئەم سەردەمەیە. بەو مانایە کە ئەگەر نەتەوە دراوسێکانمان، بەتایبەت نەتەوە باڵادەستەکانی وەک فارس و تورک و عەرەب، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕۆژئاواوە بەرەورووی مۆدێرنیتە بوونەتەوە و لەگەڵ فکر و فەلسەفە و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی سەردەمەکە ئاشنا بوون، ئێمەی کورد درەنگتر لە ئەوان و لە ڕێگەی ئەوان و بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ئەوانەوە ئەو شتانەمان ناسیوە. ئێمە لەڕێگەی زمانەکانی ئەوانەوە لەگەڵ فکر و ئەندێشەی سەردەم و ئەدەبیاتی سەردەم، بەتایبەت چیرۆک و ڕۆمان ئاشنا بووین. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە لە بیرمان نەچێت کە زمانی کوردی بە درێژایی سەد ساڵی ڕابوردوو لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووە و لە زۆربەی شوێن و پارچەکانی کوردستان مەجالی کارپێکردنی نەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی چیرۆکی کوردی زۆر کەمتر لە چیرۆکی نەتەوەکانیتر نییە. بەڵام ئەزموونی چیرۆکنووسین و ئاستی چیرۆکی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ئەزموون و ئاستی چیرۆکی ئەوان زۆر جیاوازە. ڕاستە جەمیل سائیب لە باشووری کوردستان "لەخەوما"ی تاڕادەیەک هاوکات لەگەڵ جەمالزادە لە ئێران (بێگومان چەند نووسەرێکی تریش لە عێراق و سووریە و تورکیە) نووسیوە، بەڵام وەک ئەوان نەیتوانیوە پێشەنگی ڕەوتێکی چیرۆکنووسیی بە مانا سەردەمیانەکەی بێت. دەمەوێ بڵێم **سەرهەڵدانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە ڕاستیدا مەودایەکی دووری هەیە لەگەڵ چیرۆك و ڕۆمان بە مانا تازە و سەردەمیانەکەی. چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە سەرەتادا چەشنێك لاساییکردنەوەی سادە و ساکاری چیرۆك و ڕۆمانی نەتەوەکانی تر و مەودایەکی ئێجگار دووری لە چیرۆک و ڕۆمان بە ئێستانداردە ڕۆژاواییەکەی هەیە.** واتە مەودایەکی دووری لەو چیرۆک و ڕۆمانە هەیە کە زۆر وردبینانە و پاژڕوانانە پەردە لەسەر لایەنی دیار و نادیاری واقیعی کۆمەڵگەی کوردی هەڵبداتەوە و تەعبیر لە ژیان و خەم و کێشەی تاکەکانی کۆمەڵگە بکات؛ جیاواز لە پاڵەوانی حەقایەتەکان،

کارەکتەر بەرهەم بێنێت. زۆربەمان لە خەومای جەمیل سائیب، دوانزە سوارەی پیرەمێرد، یان تەنانەت کوێرەوەری و ژانی گەلی براییم ئەحمەدمان خوێندۆتەوە؛ کۆمەڵەچیرۆکی پێکەنینی گەدای قزلجی و ڕۆمانی پێشمەرگەی ڕەحیم قازیمان خوێندۆتەوە؛ بەشێک لەمانە دەسپێکی چیرۆک و ڕۆمانی کوردین و نووسەرەکانیان تا هەتایە شانازی پێشەنگییان پێدەبڕێت. بەڵام جگە لە یەک دوو نموونەی دەگمەن زۆربەیان هەڵگری کەمترین تایبەتمەندی چیرۆک و ڕۆمانی سەردەم نین و کارەکتەرێکیان بەرهەم نەهێناوە کە تەعبیر لە خەم و داڵغە و پرس و کێشەی سەردەمیانەی تاکی کورد بکات. ئەڵبەت ئەوەش ناشاردرێتەوە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مەجال بۆ سەرهەڵدانی تاک زۆر کەم بووە. کۆمەڵگەی کوردی تا ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابوردوو کۆمەڵگەیەکی داخراوی دواکەوتوو بووە لەنێو کەشێکی فەرهەنگی نەریتی و پێشامۆدێرندا. ئەمە بە مانای غافڵ بوون و نەبینینی ئەو شەڕ و ململانێ قووڵ و قورسە نییە کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە لەنێوان نەریت و مۆدێرنیتە، لەنێوان عەقڵی نەریتی و عەقڵی مۆدێرن، فەرهەنگ و شێوەی ژیانی نەریتی و مۆدێرن لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا لەئارادا بووە و بەردەوامە. بەڵام واقیعێک هەیە کە ناتوانین حاشای لێ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی تا دەیەکانی حەفتا و هەشتا و تەنانەت نەوەدی زایینی سەدەی ڕابوردووش، بە دەگمەن نەبێت نەیتوانیوە پەردە لەم شەڕ و ململانێیە هەڵبداتەوە و قووڵایی و نەدیوییەکانی ئەم شەڕ و ململانێیە ڕەوایەت بکات. **لە دەیەی نەوەدی زایینیەوەیە کە گۆڕانێکی جیددی لە کۆمەڵگەی کوردی، لە شێوەی ژیانی خەڵک و عەقڵییەتی بەشێک لە نوخبەی ئەم کۆمەڵگەیە، لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان ڕوودەدا و لاپەڕەیەکی تازە لە ئەدەبیات بە گشتی و چیرۆک و ڕۆمانی کوردیش بە تایبەت هەڵدەدرێتەوە.** لەو دەمەوەیە کە ژمارەی نووسەران و بەرهەمەکانیان ڕوو لە زیاد بوون دەکات و مەجالی چاپ و بڵاوکردنەوەیان فراوانتر دەبێت؛ بەشێک لە نووسەرانی کورد هەوڵ دەدەن خۆ لە پاشکۆیەتی سیاسەت و ئیدیۆلۆژی حیزبە سیاسییەکان دەرباز بکەن؛ هەوڵ دەدەن ئاستی مەعریفی خۆیان بەرز بکەنەوە و زیاتر ئەدەبی سەردەم بخوێننەوە و لەگەڵ ڕەخنە و تیۆرییەکانی ئەدەبدا ئاشنا بین؛ هەوڵ دەدەن خۆ لە زەلکاوی عەقڵییەتی کۆن و نەریتی و کولتووری چەقبەستووی کۆمەڵگە بهێننە دەر. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناتوانین بڵێین هەموو ئەو شتانەی کە بە ناوی چیرۆك و بەناوی ڕۆمانەوە دەنووسرێن لە ڕاستیدا چیرۆک و ڕۆمانی سەردەمەکەیانن.

**ڕزگار لوتفی:** وەك ئێوەش لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ئاماژەتان پێدا، ڕۆمان وەك دەرکەوتەیەک، بەرهەمی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی دنیابینی مرۆڤی ڕۆژئاوایی (مودێرنیتە) بوو کە تەنانەت بە مانیفێستی ئەدەبیی مودێرنیتە هەژمار دەکرێ. تا مرۆڤی ڕۆژئاوایی لە ئاسمان و مێتافیزیك دانەبڕا و نەگەڕایەوە بۆ سەر زەوی و فکر و هزری نەبووە دیاریکەری ڕێڕەوی ژیانی و ئەفسانە، حەقایەت، حیماسە، بەیت و ڕۆمانسی- دوا نەدا، ڕۆمان نەهاتە گۆڕێ. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە بەرباس کە ئایا کۆمەڵگای کوردییش ناچارە بە هەمان ئاقاری ئەواندا ڕێ بکا یان ئێمە ڕێگایەکی تریشمان لەبەر دەمدایە؟

**عەتا نەهایی:** من پێموایە هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەر دەمدا نییە. ئێمە، وەک کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بتوانین لە دنیای هاوچەرخدا جێگەیەک بۆ خۆمان بکەینەوە و لەم بندەستی و زەلالەتی دواکەوتوویە ڕزگارمان ببێت دەبێ بەشی زۆری ئەزموونی کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان دووبارە بکەینەوە؛ **شێوەی ڕوانینمان بۆ دنیا و بوون بگۆڕین و بۆ**

**پێشخستنی خۆمان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فکری و فەرهەنگیمان چاو لە ئاسمانەوە بۆ زەوی شۆڕ بکەینەوە و پشت بە تواناکانی خۆمان و تەجرەبەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ببەستین. وەک نووسەریش دەبێ لەو زەلکاوی عەقڵییەتە کۆن و نەریتییە خۆمان دەرباز بکەین و تاسەر ئێسقان مۆدێرن، (یان واباشترە بڵێم هاوچەرخ) ببینەوە.** گومانمان لەوە نەبێت کە بەعەقڵییەتی کۆنی سەردەمی ئەفسانە و حەقایەت و بەیتەکان، بەو فکر و فەرهەنگە نەریتییە، ڕۆمان نانووسرێت. ئێمە ناتوانین ڕۆمان بنووسین لەکاتێکدا هێشتا لە بازنەی فکری ئەفلاتوونیدا دەسووڕێینەوە. بنەماکانی فکر و فەلسەفەی هاوچەرخ، کە ئاخێزگەکەی ڕۆژاوایە، ناناسین. ئاگامان لە زانستە تازەکان، بەتایبەت زانستە ئینسانییەکان نییە. خاوەنی دیدێکی ڕەخنەگرانە بۆ هەموو شتێکی تەنانەت پیرۆزیش نین. **ئێمە ناتوانین ڕۆمان بنووسین لە کاتێکدا هێشتا ڕوانینمان بۆ مرۆڤ و ئەرک و مافەکانی مرۆڤ، بۆ کۆمەڵگە و سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوانینێکی کۆن و نەریتییە. ناتوانین ڕۆمان بنووسین لەکاتێکدا ئاگامان لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان و زەرفییەت و قابلییەتەکانی ئەم ژانرە داستانییە نوێیە نییە و گرینگییەکی ئەوتۆ بە تیۆرییە ئەدەبییەکان نادەین.** ئەڵبەت بێگومان هیچ نووسەرێک دان بەم خەسار و ناتەواوییانەدا نانێت و هەموومان بانگەشەی مۆدێرن بوون و عالم بوون و ڕۆشنبیر بوون دەکەین؛ کەواتە دەبێ لە خۆمان بپرسین، یان خەڵک و خوێنەری زیرەک لێمان بپرسێت هۆکاری زەعف و لاوازی زۆربەی ئەو بەرهەمەکانمان چییە؟ بە شێوەیەکی گشتی تر، گرینگترین گرفت و خەسارەکانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی چییە؟ بۆچی ئێمە پاش هەشتا نەوەد ساڵ چیرۆکنووسی و پەنجا ساڵ ڕۆماننووسی، پێشینەیەکی جێی متمانەی چیرۆک و ڕۆمانی ڕیالیستیمان نییە؟ بۆچی زۆربەی بەرهەمە ڕیالیستییەکانمان گێڕانەوەی ڕووکەشیانەی واقیعن و نەیانتوانیوە بە دیدێکی وردبین و پاژڕوانانە پەردە لە ڕووە پەنهان و شاراوەکەی ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتیمان هەڵبدەنەوە؟ بۆچی پاش تێپەڕینی نزیکەی سەد ساڵ کە بە سەر چیرۆک و ڕۆمانی مۆدێرندا تێدەپەڕێ، هێشتا نەمانتوانیوە چیرۆک و بە تایبەت ڕۆمانی زێهنی بنووسین؟ کاراکتەر دابهێنین و بە قووڵایی زهنییەتیدا ڕۆ بچین و پەردە لەسەر پرس و کێشە و داڵغەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەنجاڵی و ئاڵۆزی سەردەمەکەی هەڵبدەینەوە؟ بۆچی دیدی زاڵ لەنێو زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانە بە ناو مۆدێرن و تازەکانیشماندا هێشتا دیدی زاڵ ئەو دیدە تەقلیدییە دوالیستییە خێر و شەڕەیە کە هەموو کەس و ڕووداوەکانی دنیای بەرهەمەکانمان بەسەر دوو لایەنی چاک و خراپی ڕەهادا دابەش دەکات؟ بۆ هێشتا لەسەر بونیادی ئەو دیدە خێر و شەڕییە قەتعی و ڕەهایە قەزاوەت دەکەین؟ بۆچی بۆنی چەقبەستووی سیاسی و ئیدیۆلۆژی لە زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانە کۆن و تازەکانمان لووتی خوێنەری وریا ئازار دەدات؟ بەشێکی زۆری نووسەرانی ئێمە کە لە پلە و پایەی ڕۆشنبیردا ڕەخنەگری جەریئی دەسەڵاتی زۆر و ڕەهای حاکمان و نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و سەرکوتکردنی بیرورای جیاواز و فرەدەنگی لە ناو کۆمەڵگەدان، لەنێو کۆمەڵگەی بچووکی داستانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی خۆیاندا ئەو شتانە بەرهەم دەهێننەوە کە ڕەخنەی لێدەگرن. بەو مانایە کە خۆیان وەک نووسەر حاکمی ڕەهای دنیای بەرهەمە داستانییەکانی خۆیانن، دەوری چاک یان خراپ بەسەر پێرسوناژەکانیاندا دەبەشنەوە، هەموویان ناچار دەکەن بە زمانی خۆیان بدوێن، کەسایەتییەکان بە سەر دوو ئاراستەی چاک و خراپدا دابەش دەکەن و، لە زۆر حاڵەتدا

تەنانەت هەڵبژاردنی ناو بۆ کەسایەتییەکانیشیان بە مەبەستی بەرجەستە کردنەوەی ئەو دەورە چاک یان خراپانەیە کە دەبێ بیگێڕن یان با بڵێم بەسەریاندا فەرزی دەکەن کە بیگێڕن. بەردەوام قەزاوەتیان دەکەن و... لەم بابەتانە. **بەشێکی زۆری نووسەرانی ئێمە هێشتا بە فۆرم و مەنتقی حەقایەتەکان، بە زمان و شێوازی گێڕانەوەی حەقایەتەکان چیرۆک و بەتایبەت ڕۆمانەکانیان دەنووسن؛ لە کاتێکدا هەر لەو چیرۆک و ڕۆمانانەشدا باسی چەمکەکانی ئەم سەردەمە دەکەن. من ئەگەر ڕەخنە و گلەییەکم لە بەشێکی زۆری چیرۆک و ڕۆمانی کوردی ببێت، کە بێگومان هەمە، لەم دید و ڕوانگەوەیە.** بێگومان بەشێکی زۆر لە نووسەرەکانمان، هەر یەکە و بە ئاستێک خەڵکی خوێندەوارن، هەر یەکە و بە ئاستێک ئاگایان لە فکر و فەرهەنگی سەردەمەکەیە، بەشێک لە ئەدەبیاتی سەردەمەکەیان خوێندۆتەوە، لەلایەنی تیۆرییەوە هەژار نین، بەڵام ئەوەی کە ئەو خوێندەوارییەیان تا چەندە دەروونی کردۆتەوە، باوەڕیان بە چەمکە تازەکان تا چەندە ڕاستگۆیانەیە، ئایا توانیویانە لە فکر و فەرهەنگی نەریتی، جوانیناسی کۆن و بەها ئەخلاقییە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە تێپەڕ بن؟ ئەمانە نەک لە قسە و خوتبە و وتارەکانیاندا، بەڵکوو لە بەرهەمە داستانییەکانیاندا دەردەکەوێت؛ لە فۆرم و ساختار و زمان و شێوازی گێڕانەوەی بەرهەمە داستانییەکانیاندا دەردەکەوێت. **ئەگەر هەڵە نەبم جەیمز جۆیسە کە دەڵێ دید و دنیابینی نووسەر لە ڕێگەی فۆرمی بەرهەمە داستانەکانییەوە ئاشکرا دەبێت. فۆرم ئەو دەلاقەیە کە نووسەر لەوێوە سەیری دنیا و مرۆڤ و ژیان و بوونی مرۆڤ دەکات.**

**ڕزگار لوتفی:** بە گوێرەی وەڵامەکەتان ئێوە بۆچوونتان وایە کە بەتەنها خوێندنەوە و ئاگاداربوون لە دنیای مودێرن ناتوانێت ماکی سەرەکی بێت بۆ خوڵقاندنی دەقێکی مودێرن و لە پەنا ئەوانەشدا نووسەرێکی بوێری گەرەکە کە خۆی ڕاپسکێنێ و زنجیرەکانی زێهنی بپسێنێت؛ ئێوە پێتان وایە ئەمجۆرە نووسەرانە چۆن پەروەردە دەبن و بۆ گەییشتن بەو ئاستە لە هوشیاری دەبێ چی بکرێ؟

**عەتا نەهایی:** ئەوە پرسیارێکی سەختە، هەرچەندە پێموایە پێشتر وەڵامم داوەتەوە. وتوومە کە نووسەر دەبێ بە تەواوی مانا ئەو عەقڵییەت و دنیابینی و فکر و فەرهەنگە کۆن و نەریتییە تێپەڕێنێ و تاکی وشیار و جەریێ سەردەمەکەی بێت. ئەڵبەت ئەمە، بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسقان نەریتیدا کارێکی ئاسان نییە؛ زۆریش دژوارە. هەنگاوی یەکەم، هەروا کە ئاماژەم پێکردووە، ناسینی سەردەمەکە و مەعریفە و فکر و فەرهەنگی سەردەمەکەیە؛ بەڵام لە بیرمان نەچێت کە نووسەری کورد هەرچەندە وشیار و ئاگا و خوێندەواریش بێت لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەدا دەژی و بە زمانی ئەم کۆمەڵگەیە دەنووسێت. ئێمە کۆمەڵگەی خۆمان باش دەناسین، مێژوو، فەرهەنگ و زمانی خۆمان باش دەناسین، هەروەها ئەوکەش و فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکری و فەرهەنگییەش باش دەناسین کە خۆمان و خەڵک و خوێنەرەکانمانی تێدا دەژین. نووسەری کورد تاکێکی ناو ئەم کۆمەڵگەیە کە هێشتا و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکیشدا لە بەشێک لە سەرەتاییترین مافە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی بێبەشە. هێشتا و لە زۆر شوێنی کوردستان عەقڵییەتی خێڵ تیایدا عەقڵییەتی زاڵە، هێشتا سیستەمی بەهاکانی هی سەد و بگرە هەزار ساڵ لەوە پێشە، هێشتا پێناسێکی دروست و سەردەمیانەی لە ئازادی و دیموکراسی و ماف و بەرپرسیارییەتی نییە. نووسەری کوردیش وەک هەر تاکێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگەیە بەو فکر و فەرهەنگە کۆن و تەقلیدییەی بەر لە سەردەمی مۆدێرنیتە گۆش کراوە و لە ناو ئەو فەرهەنگە و بە بەها

ئەخلاقییەکانیدا دەژی. بە زمانێک دەنووسێ کە هێشتا لە زۆربەی خاکی کوردستان جگە لە کارکردی ئاخاوتن هیچ کارکردێکی تری نییە. بۆ خوێنەرێک دەنووسێ کە لەگەڵ ئەوەدا کەمترین سەواد و خوێندەواری ئەدەبی هەیە، زۆرترین و نارەواترین خواستەکانیشی بەسەردا دەسەپێنێت. دەیەوی نووسەر (ئەڵبەت شاعیریش) لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە فێری خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی بکات، فێری ئیدیۆلۆژی و سیاسەت و بەرخۆدانی سیاسی بکات، فێری زانست و فەلسەفەی بکات. فێری ئەخلاقی بکات. نووسەری کورد وەک هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، هەرچەندە خوێندەواریش بێت زۆر بە سەختی دەتوانێ لەم باتلاقە فکری و فەرهەنگییە زاڵە خۆی قوتار بکات، بە سەختی دەتوانێ لەم تەونی جاڵجاڵۆکەی بەها ئەخلاقیانە ڕزگار ببێت، بە دەگمەن دەتوانێ پشت لەم هەموو خواستە ڕەوا و زیاتر نارەوایانەی خەڵک و خوێنەرەکانی بکات. تازە ئێمە باسی نووسەری وشیار و خوێندەوار دەکەین کە نەوەک هەر سەردەمەکەی و فکر و فەرهەنگی سەردەمەکەی بناسێت، بەڵکوو ژانرەکە و توانا و قابلییەتەکانی ژانرەکەشی بناسێت. بە دڵنیاییەوە ژمارەی ئەو نووسەرانە زۆر نییە، زۆرینە ئەو کەسانەن کە سووکە بەهرەیەکی نووسین و گێڕانەوەی داستانییان هەیە و لە غیابی خوێندنەوە و خوێنەری جیدی و بەتایبەت ڕەخنە و ڕەخنەگری وشیاردا خەریکی کار و کاسبی خۆیانن.

کورتی بکەمەوە، دەروونی کردنی مەعریفە و کراژە فرێدانی فەرهەنگی لەم جۆرە کۆمەڵگانەی وەک کۆمەڵگەی ئێمە و، بەو ساختارە سیاسی و زەمینە فکری و فەرهەنگییەوە کە باسم کرد کارێکی سەختە کە پشووی درێژ و لەخۆبوردوویەکی زۆری دەوێت.

**ڕزگار لوتفی:** زۆربەی خاوەن ڕایانی بواری مودێڕنیتە پێیانوایە کە دەرکەوتەی سیاسی مودێڕنیتە، نەتەوەیە. وەك هەمووشمان دەیزانین نەتەوە پێکهاتەیەکی زێهنییە و داینەمۆی ئەم پێکهاتە زێهنییە (بە حوکمی فرە ڕەهەندبوونی) ڕۆمانە؛ واتە ئەندازیاری بێ ئەملاولای نەتەوە ڕۆمانە و بۆ ئەوەی نەتەوەیەك بیچم بگرێ، دەبێ بە خەیاڵی گشتیدا ــ کە هەمان ڕۆمانە ــ تێپەڕ ببێت. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ لە لای ئێمە مودێڕنیتە ئەم دەرهاویشتە سیاسییەی لێ نەکەوتۆتەوە؟ ئایا هۆکارەکەی نەبوون یان لاوازبوونی ئەندازیارەکە و ئەندێشەی مودێڕنە، یان ئێوە بەجۆرێکی تر ئەم پرسیارە دەخوێننەوە؟

**عەتا نەهایی:** ڕەنگە وەک بۆخۆت دەڵێی بۆچوونی من کەمێک جیاواز بێت؛ واتە وەک تۆ نەوێرم بە جەسارەتەوە ڕۆمان بە داینەمۆی نەتەوە یان پڕۆسەی نەتەوەسازی بزانم. بێگومان پێموایە **ئەدەبیات بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، (نەوەك هەر لەلای ئێمەی کورد، بەڵکوو لە هەموو دونیا) دەورێکی زۆر جیددی لە نەتەوەسازیدا هەبووە. لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە و تەنانەت سەرەتای سەدەی بیستەمیش، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوا ئەدەبیات دەورێکی زۆری لە گرنگیدانی خەڵک بە شوناسی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی هەبووە.** بۆ نموونە لە ئاڵمان، ئەدەبیات و دەقە ئەدەبییەکان یەکێك لە کۆڵەکەکانی شناسی نەتەوەیی و پاڵپشتێکی گەورەی پڕۆژەی نەتەوەسازی بوون. یان لە ڕووسیە، لە ڕووسیەش ئێوە دەزانن و لە درێژەشدا ئاماژەی زیاتری بۆ دەکەم کە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، هەر لە شێعرەکانی پووشکینەوە تا چیرۆک و ڕۆمانەکانی گۆگۆل و دواتر تۆلستۆی و داستایۆڤسکی و چخۆف و ئەوانیتر... دەورێکی یەکجار باڵایان لە بەرجەستەکردنەوەی

شـــناسی نەتەوەیی هەبووە. ئەڵبەت گەل و نەتەوەکانی دیکەش بە هەمان شـــێوە. لە هەموو دنیادا زمان و ئەدەبیات دوو کۆڵەکەی ســـەرەکی شـــناسی نەتەوەیین. زمان ســـەرەکیترین فاکتەری نەتەوەیە و ئەدەبیاتیش نەوەک هەر لە خزمەتی پێشـخســـتنی زماندایە، بەڵکوو بەشێکی گرینگ لە ئەرکی سازکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ کۆی نەتەوەی لە ئەستۆیە. ئەدەبیات دەتوانێت شکۆی لەدەستچووی زمانی نەتەوەیی بگەڕێنێتەوە و هەســـتی متمانەبەخۆی گشـــتی لای هەموو چین و توێژ و تەنانەت تاکەکان دروســـت بکات. ئێوە دەزانن کە لە ڕووسـیە، تا سـەدەی نۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیستەمیش خەڵکی ســـەر بە چین و توێژە باڵاکان، بنەماڵە ئەشراف و خانەدانەکان، لە ناو ماڵ و بنەماڵەکانیاندا زۆر بەکەمی بە زمانی ڕووسی دەئاخاوتن. زمانی فەڕانســـە زمانی چین و توێژە دەســـەڵاتدارەکانی ڕووســـییە بوو. بەڵام وەک بینیمان ئەوە پووشـــکین، گۆگۆل، تۆلستۆی و شاعیران و بەتایبەت نووسەرانیتر بوون کە بە بەرهەمەکانیان ئەو شکۆیەیان بۆ زمانی ڕووسی گەڕاندەوە. ئەڵبەت مەبەستم لە ئەدەبیات تەنیا ئەدەبیاتی هاوچەرخ و دەقەکانی ســـەردەم نییە؛ هەر کۆمەڵگایەك لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا بیری لە شـــناسی نەتەوەیی کردبێتەوە یەکەم شـــت ئاوڕی لە دەقە کۆنە ئەدەبییەکانی (لە ئوســـتوورە و ئەفسانە و حەقایەتە زارەکییەکانییەوە بگرە تا دەقە کلاسیکی و نووسراوەکانی) داوەتەوە. کۆی ئەو دەقانە کە هەڵگری فکر و فەلســـەفە و دنیابینی و فەرهەنگی کۆنی کۆمەڵگە بوون، هەڵگری بەها و بایەخەکانی ئەو ڕۆحە قەومییە بوون کە بە درێژایی مێژوو شـكڵی گرتووە و تایبەت بەو کۆمەڵگەیە بوون. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتیشـــدا بڕوانە لە ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کاتێک بیر لە شناسێکی نەتەوەیی ئێرانی دەکرێتەوە کە ببێتە هەوێنی پرۆژەی نەتەوەسازی، یەکەم شت کە گرینگی پێدەدرێت دەقە کۆن و کلاسیکییە ئەدەبیەکانی وەک شـــانامەی فردەوسی، دیوانی حافز و ســـەعدی و شـــاعیرانی دیکەیە. تەنانەت لای ئێمەی کوردیش، بە درێژایی ســـەد ســـاڵی ڕابوردوو کۆمەڵێک دەق وەک مەم و زینیی خانی بوون بە دەقی شناسساز لە پێناوی چێ کردنی ڕۆحێکی نەتەوەیی.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ کرۆکی پرســـیارەکەت کە پرســـیارە لە هۆکاری ســـەرکەوتوو نەبوونی کورد لە پرۆژەی نەتەوەسـازی و بنیادنانی دەوڵەت نەتەوە و پەیوەندیی ئەمە بە ئەدەب و بەتایبەت ڕۆمانی کوردییەوە، دەبێ بڵێم کە ئەوە زۆر سادەکردنەوەی بابەتێکی گەلێک ئاڵۆزە کە دەیان ڕەهەندی مێژوویی، جۆغرافیایی، ســـیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. بێگومان لەگەڵ ئەوانەشـــدا کۆمەڵێک ڕەهەندی فکری و فەرهەنگیشی ـــ هەیە کە پێویســـتی بە لێکۆڵینەوە و دراســـەی تێر و تەســـەلە کە لە تاقەتی ئەم دیمانەدا نییە. من پێشـتر سـووکە ئاماژەیەکم بە پەراوێزی پەراوێزبوونی کۆمەڵگەی کوردی و داخراوی ئەم کۆمەڵگەیە بەرەوڕووی دنیای دەرەوە، تەنانەت لەم ســـەردەمەشـــدا کە ســـەردەمی مۆدێڕنیتەیە، کردووە. ڕاستە کە زیاتر لە سەد ساڵە بیری نەتەوەیی لەناو کوردا هەیە و بەشـــێکی گەورەی مێژووی کورد لەم ســـەدســـاڵەدا مێژووی بزووتنەوە نەتەوەیی و شـــناســـخوازەکانە لە هەموو پارچەکانی کوردســـتاندا. بەڵام تەنیا هۆکاری ســـەرکەوتوو نەبوونی ئەم بزووتنەوانە لاوازی ئەدەبیات، بەتایبەت ئەدەبیاتی هاوچەرخ، یان نەبوونی ڕۆمان نییە. بێگومان ئەدەبیاتی هاوچەرخ بە گشـــتی و ڕۆمان بە تایبەتی دەیتوانی و ئێستاش دەتوانێت دەورێکی باشی لە چێ کردنی شـناسی نەتەوەیی و دەوڵەمەند کردنیدا ببێت. هەروا کە پێشـــتر گوتم و تۆش ئاماژەت پێداوە ڕۆمان دەتوانی کۆمەڵگەیەکی مەجازی نەتەوەیی دابهێنێت. کۆمەڵگەیەکی داستانیی دێموکراتیک کە هەر کەسی سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فکری و فەرهەنگی بە زمانی خۆی و فکر و

ڕامانی خۆیەوە تیایدا دەربکەوێت. ڕۆمان دەیتوانی و دەتوانێت پارچە لێک دابڕاوەکان و کۆمەڵگە لێک دابڕاوەکانمان لێک نزیک بخاتەوە؛ پرس و کێشە و داڵغە گشتی و نەتەوەییەکانمان بەرجەستە بکاتەوە. ڕەمز و سەنبولە ناوچەییەکانمان بکاتە نەتەوەیی و ڕووپەڕی هاوبەشییەکانمان بەربلاوتر بکاتەوە. ڕۆمان دەیتوانی و دەتوانێت دەست بەسەر سامانی زمانیماندا بگرێت و دەوڵەمەندتری بکات، لەپێناوی زمانێکی یەکگرتووی گشتگیردا هەنگاو بنێت. توانا و قابلییەتەکانی ڕۆمان بۆ تۆکمە کردنی شناسی کۆیی و نەتەوەیی زۆر لەمانەش زیاترە. من ناڵێم تا ئێستا هیچ نەکراوە، بێگومان هەنگاوی باش هەڵێنراوەتەوە کە ڕەنگە لە ئاستی داخوازیمان، یان پەلەکردنمان نەبووبێت.

**ڕزگار لوتفی:** مودێرنیتە لەسەرەتادا شۆڕشێك بوو دژی فیئۆدالیزم و هەوڵێکی جیددی بوو بۆ هەڵتەکاندنی هەیمەنەی باوک. ئەگەر ئێمە ئەم گریمانەیەش قبووڵ بکەین کە ڕۆمان دەورێکی باڵای هەبووە لە هەڵتەکاندنی ئەو هەیمەنەیەدا، ئایا ڕۆماننووسانی کورد کە ڕێژەیەکی باڵایان پیاون و زۆرینەیان پیاوانەنووسن، یارمەتی دووبارەبوونەوەی هەیمەنەی هەمان باوك نادەنەوە و قەیران ناخەنە بەردەم پرۆژەی مودێرنیتە؟ بەتایبەت کاتێك کە حوزووری ژنەڕۆماننووسانی کورد هەرە کەمڕەنگە؟

**عەتا نەهایی:** سەرەتا با بڵێم کە **مۆدێرنیتە شۆڕشێک نییە دژی فیۆدالیزم. مۆدێرنیتە وەزعییەت یان بارودۆخێکە کە لەو بارودۆخەدا سیستەمی فیۆدالیزم پاشەکشە دەکات و بورژوازی سەرهەڵدەدا.** هەروەها کە سۆسیالیزمیش سەرهەڵدەدا، فاشیزمیش سەرهەڵدەدا. ئەڵبەت ئەم وەزعییەتە نوێیە زەمینە بۆ کۆمەڵێک بزاڤی گەورەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فکری، فەرهەنگی، ئەدەبی و هونەریش خۆش دەکات. فێمینیزم یان بە گشتی جووڵانەوەی یەکسانی خوازی ژنان یەکێک لەو بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەیە کە بە تایبەت لە سەدە ساڵی ڕابوردوودا دەورێکی دیاری لە ئاشنا کردنی ژنان بە مافە ئینسانییەکانی خۆیان و بەشداریی کارایان لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی هەبووە. بەڵام ئەوە کە دەڵێی ڕۆمان دەورێکی دیاری لە هەڵتەکاندنی هەیمەنەی پیاو لەنێو کۆمەڵگەدا هەبووە، گریمانەیەکی زۆر گشتییە. بێگومان ڕۆمان تاقانە ژانرێکی ئەدەبییە کە دەتوانێ کۆمەڵگەیەکی داستانیی مەجازی دابهێنێت، کۆمەڵگەیەک کە مرۆڤەکان، ژن و پیاو، دەتوانن بە دەنگ و ڕەنگ و زمان و بیر و بۆچوونی ئازادانەی خۆیان تیایدا دەربکەون و تەعبیر لە پرس و کێشە و خەم و داڵغە و خەون و خواستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و تەنانەت ڕەگەزی و جەندەری خۆیان بکەن و لە پێناویشیدا تێبکۆشن. ئەمەش هەروا کە پەیوەندی بە فکر و فەرهەنگ و زمانی ئەو کۆمەڵگەوە هەیە کە ڕۆمانەکەی تێدا دەنووسرێت، پەیوەندی بە عەقڵ و دنیابینی و داڵغەکانی نووسەرەکەشییەوە هەیە. نووسەرێک کە بڕوای دەروونی بە یەکسانی ژن و پیاو نەبێت و تێگەیشتنێکی ڕاست و هاوچەرخانەی لە کێشە ڕەگەزی و جەندەرییەکانی کۆمەڵگەی خۆی نەبێت، ژن بێت یان پیاو، لە بەرهەمەکەیدا ئاوڕێکی جیدی و بنەوەشی لەم بابەتە گرینگە پێنادرێتەوە. کەواتە من لەو باوەڕەدا نیم کە تەنیا ژنان، بە تایبەت نووسەرانی ژن دەتوانن لە بەرهەمەکانیاندا ئاوڕ لە پرس و کێشەی ژنان، بەتایبەت پرس و کێشە جەندەری و ڕەگەزییەکانیان بدەنەوە و تەنیا ئەوانن کە دەتوانن لە کۆمەڵگەی داستانیی ڕۆمانەکانیاندا کۆتایی بە زاڵبوونی دەنگی پیاو بهێنن. هەرچەندە لەو باوەڕەدام کە ئامادەیی ژنان لە بواری داهێنانی ئەدەبی و بە تایبەت

ڕۆماننووسیدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە هەم بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کۆمەڵگە، هەم بۆ گەشـــەی زیاتری ڕۆمان. بە دڵنیاییەوە ژنانی ڕۆماننووس بە دید و ڕوانینێکی ژنانەوە دەتوانن کۆمەڵێک بابەت بورووژێنن کە ڕەنگە پیاوان لێ غافڵ بووبێتن، دەتوانن تیشـــک بخەنە ســـەر هەندێک لایەنی شـــاراوەی ژیانی ژنان و تەنانەت کۆی کۆمەڵگەش کە هێشـــتا لە نەدیویدا ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا دەبێ بزانین کە عەقڵییەت و فەرهەنگی هەزاران ســـاڵە چەقبەســـتووی پیاوســـالاری، نەوەک هەر لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگە هـاوشـــێوەکانی، بەڵکوو لە هەموو کۆمەڵگە پێشـکەوتووەکانیشـدا شـتێک نییە کە تەنیا بە نووسـینی ڕۆمان و قەڵەمی ڕۆماننووسی ژنان کۆتایی پێبێت. بە نسبەت بەشی کۆتایی پرسیارەکەشتەوە کە پەیوەندی بە ڕۆمانی کوردی و ڕۆماننووسی کوردەوە هەیە کۆمەڵێک واقیعی تاڵ هەیە کە دەبێ لێی غـافڵ نەبین. جیا لەو پرســـیارانە کە ئێمە چەند ڕۆماننووســـمان هەیە و ســـاڵانە لە هەر چوارپارچەی کوردســـتان، بە چاک و بە خراپەوە، چەند ڕۆمان دەنووسرێت و بڵاو دەبێتەوە، کە بێگوان وەڵامەکان دڵخۆشـــکەر نین؛ **هێشـــتا کەمترین ژمـارەی نووســـەرانمان لە بەرهەمەکانیاندا ئاوڕی جیدی لە ژن و پرس و کێشـــەکانی ژنان دەدەنەوە و لەو ژمارەش کەمتر بڕوای ڕاســـتەقینەیان بە یەکســـانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا هەیە.** ڕاستە لە بیست سی ساڵی ڕابوردوو بەملاوە کۆمەڵێک نووسەری ژنیش خەریکی ڕۆمان نووسین، بەڵام بەشێکی کەم لە بەرهەمەکانی ئەوانیش هەڵگری ئەو تایبەتمەندیانەن کە پێشتر باسم کرد. واتە بەشێکی کەم لەو بەرهەمانەش بە دید و ڕوانینێکی ژنانەوە ئاوڕی جیدیان لە پرس و کێشە ڕەگەزییەکان داوەتەوە یان تیشکیان خستووەتە سەر ئەو لایەنە شاراوانەی ژیانی ژنانی کورد کە نووسەرە پیاوەکان پەیان پێنەبردبێت.

**ڕزگار لوتفی:** هەر وەك ئاگادارن مۆدێڕنیزم بە ڕەخنە لە دەرهاویشـــتەکانی مودێڕنیتە هاتۆتە ئارا؛ واتە مودێڕنیزم پێی وایە کە هزر و ئاوەزی مرۆڤ ناتوانێ بە تەنها ببێتە کلیلی کرانەوەی هەموو دەرگا داخراوەکانی مرۆڤ و، لایەنی مەعنەوی مرۆڤەکان لەبیر دەکات. بەمگوێرەیە، تا مودێڕنیتە هەموو بوارەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگای کوردی داگیر نەکات و دەرەنجامەکانی بە مەتریال نەبن، دەقی مودێڕنیستی نایاتە بەرهەم. ئایا ئێوەش لەسەر ئەم بۆچوونەن کە کورد هێشـــتا بە تەواوی پێی نەناوەتە بارودۆخێکەوە کە دەقی مودێڕنیســـتی (بە مانای ڕاســـتەقینەی وشـــە) بەرهەم بێنێ یان جۆرێکی تر لە بابەتەکە دەڕوانن؟

**عەتا نەهایی:** بە دڵنیاییەوە من وابیر ناکەمەوە. پێشـــتریش گوتم **مۆدێڕنیتە وەزعییەت یان هەلومەرجێکە کە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ لەو وەزعییەتەدا تووشی گۆڕان بووە. بە واتـایەکیتر مرۆڤ لەو چەقبەســـتوویە مەعریفی، زانســـتی، فکری و فەرهەنگییە هاتۆتە دەر؛ بەڵام نەکەوتۆتە نێو جۆرێک چەقبەســـتوویی مەعریفی، زانستی، فکری و فەرهەنگی ترەوە.** ئەم سەردەمە، واتە سەردەمی مۆدێڕن، سەردەمی بەردەوامیی گۆڕانەکانە لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، لە هەموو بوارەکانی فەلســـەفە، زانســـت، هزر و ئاوەز یان عەقڵییەتی مرۆڤیشـــە. دیارە ئەم بەردەوامیی گۆڕانە لە هەموو بوارەکاندا نەتیجە یان بەرەنجامی عەقڵی ڕەخنەیی یان ڕەخنەگرە؛ نەتیجە یان بەرەنجامی هێنانە ئارای پرسیاری تازە و گەڕان لە شوێن وەڵامی تازەیە. ئەمە باســـێکی فکری دوور و درێژە کە بە بێ درێژە پێدانیشی ـــ دەکرێ وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بدەمەوە. **پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا دەقی مۆدێڕنیستی ئەدەبی تەنیا**

**لە کۆمەڵگەیەکی تەواو مۆدێرندا بەرهەم دێت؟ بە زمانێکیتر، ئایا تا کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو لایەنێکەوە تازە و مۆدێرن نەبێت ناتوانێ دەق ئەدەبیی مۆدێرن، بە تایبەت ڕۆمانی مۆدێرنی تێدا بنووسرێت؟ وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە "نا"یە.**
ئەگەر "ئەرێ" بوایە کەواتە لە زۆربەی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە هەموو ئێران و تورکیە و عێراق و سووریەش دەقێکی ئەدەبی یان ڕۆمانێکی مۆدێرنی هاوچەرخانە نەدەنووسرا؛ چونکا ئێمە وەک کۆمەڵگە بەشێکین لەم وڵاتانە و لە نێو سیستەمی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ئەواندا دەژین و هاوبەشی پرس و کێشە فکری و فەرهەنگییەکانی ئەوانیشین. ئەڵبەت ئێمە کێشەکانمان لەوان زیاترە، بە تایبەت کێشەی زمان و زمانەکەمان لە دۆخێکی گەلێک جیاوازتر لە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبییە. بەڵام زمانەکانی ئەوانیش کێشە و گرفتی کەم نییە. زمانەکانی ئەوانیش وەک بیرمەندانیان دانی پێدا دەنێن ئاوێنەی پشێوی زهنییانە لە بەرەورووبوونەوەیان لەگەڵ مۆدێرنیتە و دنیای مۆدێرن.
کورتی بکەمەوە، **ئەوە تەنیا دواکەوتوویی کۆمەڵگە نییە کە بەر بە نووسینی دەقی ئەدەبی و بەتایبەت ڕۆمانی مۆدێرن و هاوچەرخ دەگرێت، بەڵکوو دواکەوتوویی نووسەرە.** وەک پێشتر باسم کرد نووسەری وشیار دەبێ بتوانێ واقیعی کۆمەڵگەکەی و دۆخی چەقبەستووی فکری و فەرهەنگی زۆرینەی خەڵکەکەی تێپەڕێنێ و بە دیدێکی تازەی هاوچەرخانەوە سەیری دنیای دەوروبەری بکات و هەوڵی ناسین و گێڕانەوەی بدات. بۆ نموونە کەسێکی وەک سادق هیدایەت نزیکەی هەشتا ساڵ لەوە پێش لە کۆمەڵگەیەکی وەک خۆی دەڵێت تا سەرئێسقان دواکەوتووی نەریتییدا، کورتە ڕۆمانی "کوندە کوێرە"ی نووسیوە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا هەیە، لە کارەکتەر و ڕووداو و تەنانەت بیر و بۆچوون و فەرهەنگی ڕاوییەکەشی کۆن و نەریتییە. بەڵام ڕۆمانەکە تا ئێستاش باشترین نموونەی ڕۆمانی مۆدێرن و هاوچەرخی فارسییە. بۆچی؟ چونکا نووسەرەکەی، مەعریفەی نووسەرەکەی، دید و گۆشەنیگای نووسەرەکەی و شێوازی گێڕانەوەکەی مۆدێرن و هاوچەرخانەیە.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧١٧
بانە

تێبینی: ئەم دیمانەیە ساڵی ٢٠١٨ لە گۆڤاری بیر و هزردا بڵاوکراوەتەوە.